# لاوێک به مریشکەوه

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

**فۆتۆگراف نییه**
**بەڕاستییه**
**فۆتۆگرافیش بێ**
**به دڵی ڕۆژئاواییێک دەبێ**
**لاوێک ڕاوەستاوه، مریشکێکی له باوەش گرتووه**
**ژنێتی؟**
**دەزگیرانێتی؟**
**دۆستێتی؟**
**خوشکێتی؟**
**خوشکەزایەتی؟**
**کچه مام و کیژه خاڵێتی؟**
**یا له ڕەگەزی مێیانەوه، نەوەی ئەوانەیه؟**
**کورتەک و شەرواڵەکەی**
**دەستووری گوندانییەکی ناو شاره**
**له جیاتی پشدێن، قایشێکی پانی بەستووه**
**چەفیەی له مل ئاڵاندووه و یەخەی نەختێ دیاره**
**کەتافیەی سەر جووت شانیشی، چەتەیی و چاپووکی دەنوێنن**
**بۆ شەڕ، مەچەکی هەڵبداتەوه**
**ماکێک دیاره، خۆی به جگەرەیەک داخی کردووه**
**له گەرماوی گشتیدا، باسکی هەڵبداتەوه**
**به وتەی (ئاخ زەمانه) خاڵکوت کراوه**
**خۆی ڕەق ڕاگرتووه، تەماشای پێشه خۆی دەکات**
**هەر دەڵێ له بۆ وێنەی کامیرا خۆی ئاماده کردووه**
**مریشکەکەش**
**کڕ و بێدەنگ، تەماشای هەمان جێ دەکات**
**به هەمان گومانەکەی من، دەپرسی:**
**ئەم لاوه...**
**دەبێ چی من بێ؟**
**قرته قرتێک دەکات، لێی تێگەیشتم**
**جنێوێکی دا، (ئەم سەگبابه لاته، منی ڕفاندووه و ئاشەوانیش نییه!)**
**خۆدوێنی دەکات:**
**دەبا به مردنی خۆمان بمرین، بۆ هەر دەبێ**
**به دەمی دەعبا، به تیغەی مرۆڤ بکوژرێین**
**قرته قرتێک دەکات:**
**بەسه کەویاتی و کۆیلاتی... ئازادی... ئازادی، کیویاتی خۆشتره.. چاکتره**
**من و لاوەکه لێی تێگەیشتین و**
**خۆمان نەبیس و نەدی کرد، خۆمان نەناس کرد**

تێبینی:
* خوێنەر ئازاده، بەس بێسوود نییه، بۆی بڵێین، له ناو مێژووی مریشکی کوردیدا، مریشکی سەر به ئاش و ئاشەوان تێر دانن.
* کەوی = ماڵی.
* خۆدوێنی = مۆنۆلۆگ.
* نەبیس = نابیستوو.

